The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لە کۆمیتەی سویسرای ناوەندی چاک

لەم ڕۆژانەدا کورتە هەواڵێکمان بەرچاوکەوت ، کە گوایا کەسێک بە ناوی هیواناسیح سەردانی مانگرتوانی شاری زیورخ ی سویسرای کردوە و گوڵی بە دیاری بۆ بردوون بە ناوی چاک ەوە ، ئێمە وەک ناوەندی چاک بێئاگایی خۆمان لە کارێکی لەوجۆرە ڕادەگەیەنین و ئەندامێکمان نیە لە ئێستادا ناوی هیوا ناسیح بێت .

لەو مانگرتنەدا سێ ئەندامی ناوەندی چاک ئامادەبوون و لە ڕیزی مانگرتوەکاندا بوون ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مانگرتنە فیدراسیۆنی پەنابەران ڕێکی خستبوو ، ئێمە هەر شەرممان کرد ناوی ڕێخراوی خۆمان بهێنین و وەک هاوڵاتی ئامادەی مانگرتنەکە بووین . ئیتر ئەگەر بۆ خۆدەرخستن و پێشاندانی ناو و شوهرەت لەسەر مالپەڕەکان لە چەند دێڕێکدا ، کەسانێک بیانەوێت ناوی چاک بەکار بهێنن ! ڕێگا نادەین .

ناوەندی چاک لە سویسرا خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵاتی و سیاسی باڵایە و هەوڵەکانی ڕابوردومان ئەم شکۆیەی پێبەخشیوە ، چالاکی و جموجوڵمان لەسەر ئاستی بەرز و بە پێی پرەنسیپەکانی پەیڕەو پرۆگرامی ڕێخراوەکەمان تێکۆشانی بۆدەکەین و گرنگی پێدەدەین ، بۆیە پێمان وایە بچوککردنەوەی ڕێخراوەکەمان لە خۆدەرخستنی کەسێکدا جێگای قەبوڵکردن نیە و پێمان باشبوو ئەم ڕوونکردنەوە کورتە بدەین .

ئێمە بۆ ساڵی نوێ کۆمەڵێک پرۆژە و بەرنامەمان هەیە بۆ پێشاندانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بە دنیای دەرەوە . بەرنامە و پلانمان دارشتوە و داهاتوو هەمولایەک ئاشنای هەوڵەکانمان دەبن وەک چۆن لە ڕابووردودا ڕاگەیاندنەکان شاهیدیمان بۆدەدەن ، بۆیە ناهێڵین کەسانێک بۆ تێکدان و لەکەدارکردنی ئێمە بەکاربهێنرێن .

کۆمیتەی سویسرا ـــــــ ناوەندی هڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک )

www.chak.info
chak.schweiz@hotmail.com